## بۆ ئازادیی دکتۆر کەمال چیبکەین ؟

## بانگەوازێک بۆ کۆبوونەوەی کوردەکانی ئوستراليا لەشاری سیدنی:

ئێمە وەک کۆمەڵێ تاکی کورد ، پەرۆش بۆ ئازادیی و مافی مرۆڤ ، پەرۆش بۆ ئەو ستەمە گەورەیەی لە مافی مرۆڤ کراوە لە ژێر دەسەڵاتی کوردییدا کە مرۆڤێک لەسەر نووسینی دوو وتاری رەخنەیی لەدژی دەسەلاتی سیاسیی و بەڕێز بنەماڵەی بارزانیی ، لەدادگایەکی کوردییدا بە 30 ساڵی رەبەق بەزیندان سپێردراوە.

ئەم بڕیارە ، بڕیارێکی ناشەرعییەو دادگاکەش دادگایەکی ناشەرعییەو راستەوخۆ لەلایەن پاراستنی پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە دانراوە. ئەم بڕیارە بەتەنها دژی د.کەمال سەیید قادر نییە، بەڵکوو دژی هەموو ئەو کەس و لایەنانەیە کە دەیانەوێ جورئەت بکەن و رەخنە لە پۆپی دەسەڵات و پیرۆزییەکانی سەردارانی دەسەلات بگرن . ئەم بڕیارە زەنگێکی زۆر سامناکە و هەڕەشەیە لەهەموو ئەو دەنگانەی کە رەخنە لەدەسەڵات دەگرن. بێدەنگیی لەئاست ئەم بڕیارەدا تاوانێکی گەورەیە بەئەندازەی گەورەیی بڕیارەکەی دادگای حیزبیی شاری هەولێر.

ئێمە بانگەوازی ئەندامان لایەنگرانی هەموو حیزبە کوردستانییەکان بەگشتیی و هەموو تاکێکی کورد بەتایبەتیی و ئازادیخوازانی هەر نەتەوەیەکی تر دەکەین کە پەرۆشن بۆ مافی مرۆڤ و ئازادیی تاکەکەس ،با کۆببینەوەو بیرورا بگۆڕینەوە کە چیی بکەین بۆ ئازادکردنی د.کەمال سەیید قادر ، ئەم کارە کاری هەندێ تاکی ئیلێت نییە، ئەم شێوەکارە پێویستی بەکاری هەرەوەزیی هەیە . هەرەوەزییەک ، وێڕای هەر بیروباوەڕێکی سیاسیی و ئایدۆلۆژیی جیاجیا ،لەسەر هەمووما‌ن پێویستە داکۆکییەکی سەرسەختانە لە رێزگرتن لەمافی مرۆڤ و پرەنسیپە سەرەکییەکانی دیموکراسیی و کۆمەڵگای مەدەنیی بکەین .

بەداخەوە پارتیی دیموکراتی کوردستان پێیوایە هەر کارێک لەهەندەران بکرێ لە کۆڕوکۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا دژایەتی کوردو خەونی نەتەوەی کوردە ، سووکایەتی کردنە بە ئالای کوردستان و سەربەخۆیی کوردستان و کۆمەڵێ موزایەداتی سیاسیی جۆراوجۆری تر . لەکاتێکدا پدک دەیەوێ خۆی بکاتە خاوەنی پەتیی و سەراپای گەلی کوردو شەرعییەت بەرەوایی خۆی و دادگاکانی بدات ، هیچ کاتێک بریتییە نییە لە خەون و ئاواتە دوورمەوداکانی گەلی کورد ، لەراستییدا هیچ هێزێکی کوردستانیی ئەوەندەی پدک لەمێژووی دوورونزیکی گەلی کورددا زیانی بە ئاسۆی سیاسیی و خەونی سیاسیی گەلی کورد و پرۆژەی سەربەخۆیی گەلی کورد نەگەیاندووە.

ئاکسیۆن و هەرجۆرە ئەکشنێکی تر بۆ ئازادکردنی د.کەمال نەک هەر دژی خواستەکانی گەلی کورد نییە، بەڵکوو رێک بەپێچەوانەوە ، خزمەتکردنە بە دۆزی سیاسیی گەلی کورد و بنچینەکانی مافی مرۆڤ و ریسواکردنی ملهوڕییەکانی دەسەلاتی سیاسیی کورد، دەسەلاتێک نیوەی سەرکردایەتییەکەی فایلی رەشیان هەیە، شێخ چۆپییەکان و ئەرشەد زێبارییەکان پەنا دەدەن و د.کەمالیش بە 30 ساڵ رزینی شێنەیی ناو زیندان دەسپێردرێ.

مرۆڤدۆستان، ئازادییخوازان ، سیاسەتمەداران، رۆشنبیران، نووسەران و تاکی سەربەخۆی کورد ، وەرن با کۆببینەوەو راوێژی یەکتربکەین، بەرپرسیارییەتییەکی یەکجار گەورە بۆ ئازادکردنی د.کەمال لەئەستۆی هەموومانە، خۆدزینەوە لە دۆزی د.کەمال سەیید قادر بەهەر بیانوویەکەوە بێت ، نەک هەر چاو نووقاندن و

پەردەپۆشکردنی گەندەڵیی و دزییەکان و سەرەڕۆییەکانی دەسەڵاتی سیاسیی کوردە ، بەڵکوو بەشداریکردنە لەتاوانێکدا مافی مرۆڤی تێدا پێشێلکراوە . 30 ساڵ زیندانیی بەتەنها رزاندنی د.کەمال نییە لەزینداندا، دەسترێژیکردنە بۆ سەر هەموو تاکێکی کورد. هەروەها راستەوخۆ ترساندن و تۆقاندنی هەرکەسێکیشە تا نەوێرێ توخنی ئەو چوارچێوەیە بکەوێت کە د.کەمال خۆی لێدا.

وەرن دەنگ هەڵبڕن و هەنگاو هەڵبنێین ،کادرە ئازدیخوازەکانی پدک ، ئەی ئەوانەی خاوەنی بیروڕای سەربەخۆی خۆتانن و لایەنگری ئازادیی و مافی مرۆڤن، کادران وئەندامانی ینک ، ئەی ئەوانەی دڵتان بۆ ئازادیی و مافی مرۆڤ لێدەدات، کادرو ئەندامانی حککع و حیزبی شیوعی کوردستان وهەموو لایەنە سیاسییەکانی تر، کۆمۆنیستەکان، چەپەکان ، لیبرال و عەلمانیی و سکۆلارەکانی تاکی کورد، نووسەران و رۆشنبیران و هونەرمەندان ، وەرن هەمووومان پێکەوە راوێژ بکەین بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەفسانەی 30 ساڵ زیندانیی ، وەرن حوکمی چەرخە بەردینەکان لەسیدنییەوە بەتووندی ئیدانە بکەین و رێگای رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بگرین بۆ شەرمەزارکردنی ، وەرن با رەوەندی کوردیی لە ئەوروپا و ئەمێریکاو کانەدا و شوێنەکانی تریش هەمان هەنگاو هەڵبنێن . وەرن سەرەڕای هەر رەخنەو ناڕۆشنییەکتان لەسەر بۆچوون و نووسینەکانی د.کەمال ، داکۆکیکیی لەمافی مرۆڤ و ئازادیی تاکە کەس ، سەرەتاکانی کومەڵگای مەدەنیی بکەین لەکوردستاندا.

هاتنتان ئازایەتیی و بەتەنگەوە هاتنتانە بۆ پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لەکوردستاندا.

سەرنج: هیچ حیزب و رێکخراوێکی سیاسیی لەپشت ئەم کەمپەینەوە نییە، بەلام هەر حیزب و رێکخراوێکی سیاسیی دەیەوێ بەشداری چالاکانە بکات ، ئازادە . شایانی باسە پێشوەخت هەندێ کەس بڕیاریان داوە لە شاری مێڵبۆرنەوە بۆ سیدنی بێن، بۆ بەشدارییکردن لەم کۆبوونەوەیەدا .

کۆمەڵێک ئازادییخوازو تاکی کورد لە ئوستراليا

**کات و شوێنی کۆبوونەوە**

**رۆژی یەکشەممە ( کریسمەس دەی ) رێکەوتی** 25-12-2005

**کاتژمێر 7 ی ئێوارە**

**شوێن:** Merrylands Community Centre

Merrylands 2160

Sydney

**بۆ پەیوەندیی و هەر جۆرە پرسیارێک ، تەلەفۆنی ئەم ژمارانە دەتوانن بکەن**

1- فەیسەڵ عەزیز 0405281516
2- دلاوەر 0419090292
3- خەتاب سابیر 0411328832